

## هونەرمەند نامق حەمە:

# پێویستە هەمیشە بەدوای جوانکاریدا بگەڕێین

**❁(نامق حەمە) هونەرمەندێکی دیاری بواری  شێوەکارییە نەک تەنها لەسەر ئاستی کوردستان بگرە لە دەرەوەش تایبەتمەندانی هونەریی شێوەکاری ئاشنایی کارەکانی ئەم هونەرمەندەن، لە چەندین پیشانگای جیهانیدا بەشداری کردووە و کارە هونەرییەکانی پێشەنگ بوون، نامق حەمە هونەرمەندێکی کپ و کەمێک ئاڵۆزە رەنگە لە تابلۆکانیەوە ئەم نەریتەی وەرگرتبێ، گەر لێی وورد بیتەوە دەڵێی کتلەیەکی کەرت بووی یەکێک لە کەڤاڵەکانیەتی. نامق حەمە دەیەوێت لەشتی بچوک دنیای گەورە دروست بکات، رویەکی تری ناشیرینی نیشان بدات کە جوانییە، لە مەرگەساتی شارەکەیەوە زۆر شت فێربوو، مەرگەساتەکان کاریان لە داهێنانی هونەری کردووە لە پڕۆژەیەکی هونەری تازەدا  کارێکی بێوێنەی کردووە، ئەویش کارکردنە لەسەر ئەو ساروخانەی مەرگیان بەسەر هەڵەبجەدا دابەشکرد.**

**دیمانە/ نامق هەورامی**

**لە دیمانەیەکدا لەسەر ئەم پڕۆژەیە لێمان پرسی بیرۆکەی کارەکەت چۆنە ؟**

– بێگومان لە زۆربەی ماڵەکانی هەڵەبجەدا ئەم پاشماوەیە هەبوو، یان لە دەشت و کۆڵانەکان فڕێدرابوو، لە هەندێک ماڵدا کرابوو ئینجانە بۆ گوڵ چاندن، لێرەدا بیرۆکەکە دروست بوو، دیارە خەڵکی ئەو دەڤەرە هەمیشە لە بری جەنگ لە بیری گوڵ چاندن و لەگەڵ گوڵدا ژیانن، چێژ وەرگرتن لە ژیان لەو روانگەوەیە بۆیە بە شیاوم زانی ئەمە بکەمە سەرەتایی ئەو بیرۆکەیەو تێڕوانینێک و بوعدێکی مێژووی بۆ کارەکان سەرچاوە بگرێت.

*** ئەی قۆناغەکانی کارکردنت لەکوێوە دەست پێکردووە؟**

– سەرەتای قۆناغەکە دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم کاری کوشتن لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، کوشت بەدار، بەبەردی تیژ، بۆیە قۆناغەکانی تاکو ئێستا کە گوزەشتون نیشانم داوە بە شێوازو تەکنیکی خۆم، بەڵام وەک تەکنیک ئەوەی شیاو بووە بۆ ئەو کتلەیە لەوێدا کارم کردووە، وەک بوعدێکی مێژووی بۆ کوشتن و زەمەنی تەکنەلۆجیای نوێ کە کۆکوژی دەرەنجامی  داهێنانی ئەو تەکنەلۆژیایەیە، من ویستوومە لێک نزیک کردنەوەیەک لەنێوان کوشتنی سەرەتایی و کۆکوژی  نوێیدا دروست بکەم، لەهەمان کاتدا ویستوومە وەک پارێزگاری کردن لەو پاشماوانەی جەنگ بپارێزرێن چونکە بونەتە بەشێک لەکەلتووری شارەکەمان، بەڵام من روویەکی ترم داوەتێ.

*** واتە تۆ دەتەوێت جارێکی تر هاوکێشەی مردن بگۆڕی بۆ ژیان و ئێستاتیکا ؟**

– بێگومان وایە، بەڵام ئەوەی ویستوومە پاشماوەکان لە نێوان دوێنێی کارەساتەکە و ئەمڕۆی پاش رووداوەکە کە دەکرێت ئیتر قۆناغی جوانکاری دەست پێ بکات، پێویستیشە هەمیشە بەدوی جوانکاریدا بگەڕێین بۆ ئەوەی چاوەکانمان لە ئیستاتیکای بینیت نامۆ نەبن لەگشت قۆناغێکدا.

*** وردەکاری کارەکانت چۆنە و دەتەوێت لەو رێگەیەوە چی بکەی؟**

– سەرەتا کەرەستەی ئیشەکە کە ئەو پاشماوەی  ساروخانەیە کە لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا بەکار هاتن، جۆری ئیشەکە کارێکی بازنەییەو لە چوارلاوە تەماشا دەکرێت، هەر روویەکی بمانەوێت ئەتوانیت وەک تابلۆیەکی سەربەخۆ تەماشابکرێت و لە هەمان کاتدا هیچ دابڕان و لێک ترازانێک لە جۆری ستایلەکاندا نییە واتە چوار تابلۆیە یەک تابلۆیەو من هاتووم سوودم لەوشکاوی و کون کەلەبەرانە کردوە کە لەسەر جەستەی ساروخەکان هەیە ئەمە جگە لە قوپان و ئەو قەوزەیەی لە ئەنجامی ئاو بەرکەوتنەوە دروستی کردووە، وەک ئاماژەم پێدا دەمەوێت.

پەیوەندی لە نێوان دژەکاندا دروست بکەم، ئەگەر چی شێوازی ئیش کردنەکە (تەجریدە) بەڵام کە تەماشای دەکەی نزیکە لە واقعیەوە، پێم وایە هەر کەسێک تەماشای هەرکام لە ئیشەکان بکات دەتوانێت خوێندنەوەی جیاجیای بۆ بکات.



*** ئایا ئەمە هەنگاوێکی تازەیە لە کارکردندا؟**

– پێم وانییە تازە بێت، کارکردن لە دەرەوەی تابلۆدا، بەڵام تازەگەریەکەی لەوەدایە ئێمە لەسەر پاشماوەی جەنگ کارمان کردووە، ئێمە خوێندنەوەمان  بۆ شتەکان لەیەک دیوەوەیە واتە پاشماوەی جەنگ تەنها دەبێت بۆ جەنگ و مۆزەخانە بێت، بۆیە بەلێکدانەوەیەکی جیاوازەوە من بیرم لەم کارە کردەوە وەک پڕۆژەیەک ئەنجامی بدەم ئەوەبوو لە کۆتایی ١٩٩٧ کارم بۆ کردووەو ئەوەش زیاتر لە ٢ ساڵی خایاند تا ئەم پاشماوانەم کۆکردەوە.

*** دواوتەت؟**

– من پێم وایە هونەرمەند زۆرجار وا پێویست دەکات ئەو کەرەسەیەی کاری لەسەر دەکات خۆی جێگەی ئاماژەو پرسیار بێت و کارەکانیش لە نوێبوونەوەدابن بۆ پڕۆژەی هونەری خۆی، ئەمەش تەنها بینینی هونەرمەند دەتوانێت جوانییەکان لە نێو فەوزای شتەکاندا بدۆزێتەوە

ئەوەشمان لەیاد نەچێت ئەم کارانەی من لەپەرلەمانی بەریتانیادا داوەت کران و کرانە کات لە پەرلەمانی بەریتانیاداهەرچەندە من  دەمویست سەرەتا  لە پەرلەمانی کوردستاندا نمایشیان بکەم بەڵام ئەوکارەم بۆ نەکراو ئێستا لە «یادگاری شەهیدان» لە هەڵەبجەی شەهید نمایشم کردون.■